# ئایینی پیرۆزی ئیسلام لە بارەی پەیداکردنی دەرفەتی کار، جیاوازی لە نێوان پیاو و ئافرەت نەکردووە

کاتێ باس لە بابەتی کارکردنی «ئافرەت» بەتایبەت هەڵوێست و ڕوانگەی ئیسلام لەو بارەوە دەکەین، پێویستە پێوەر و بنەمای زانستی بۆ ئەم پرسە دیاری بکەین، نەک لەخۆڕا هەڵسەنگاندن و خوێندنەوەی نالۆژیکی بخەینە ڕوو، چونکە: یەکەم: زۆرێک لەوانەی باس لە پرسی کارکردنی ئافرەتان دەکەن، وای بۆ دەچن، دەبێ ئافرەت دەستبەرداری سرووشت و تایبەتمەندیی ئافرەتبوونی خۆی بێت و، لە چوارچێوەی چاولێکەری و لاساییکردنەوەی ئەورووپا و وڵاتانی خۆرئاوا ئازاد بێت و کار بکات، با لەسەر حیسابی دایکایەتی و ئەو ئەرک و مەهامە گەورەو گرنگەش بێت، کە ئافرەت بۆی خولقاوە.

دووەم: هەندێکی دی بەهۆی بێ ئاگایی و نەشارەزایی لە ئایینی پیرۆزی ئیسلام دەکەونە کوتینەوەی هەندێ قسەی بێ بنەما و نالۆژیکی سەبارەت بە کارکردنی ئافرەتان و وای پیشان دەدەن، ئیسلام تەنیا کۆت و بەند و داخراوی بۆ ئافرەت دەوێت و، هیچ کات لەگەڵ کارکردنی ئافرەت نییە.

سێیەم: کۆمەڵگەی کوردی خاوەن نەریت و کەلتووری ڕەسەنی خۆیەتی و هیچ کات گرفتێکی ئەوتۆی لەو بارەوە نەبووە و بگرە ئافرەت لە زۆر لای بژێوی و گوزەران و ژیان هاوکار و پاڵپشتی پیاوان بوون و، کارکەری ماڵ و دەرەوەش بوون، بێ ئاگاییە کەسانێک پێیان وابێت ئافرەتی کورد لەو بوارە مافی پێ نەدراوە، یان پەراوێز خراوە.

ئەوەی ڕاستی بێت، ئافرەت وەک یەکێ لە جوانترین مەخلوقی خودا، وێڕای ئەوەی خاوەن پێگە و ڕێز و تایبەتمەندی و بەهایەکی زۆرە، لەهەمان کات هیچ جیاوازی و ناکۆکیەک سەبارەت بە کارکردنی ئافرەت و پیاو لە ڕوانگەی ئیسلامەوە نابینرێ، چونکە ئایینی پیرۆزی ئیسلام لە بارەی پەیداکردن و ئەنجامدان و دەرفەتی کار جیاوازی لە نێوان پیاو و ئافرەت نەکردووە، بەڵکو وەک لەبەرچاوگرتن و ستایشی هەر کار و هەنگاوێک لە چوارچێوەی گونجاوی و ئاسایی بوون دەکات، قورئانی پیرۆز دەفەرموێ: (أَنِّي لَا أُضِيعُ عَمَلَ عَامِلٍ مِنْكُمْ مِنْ ذَكَرٍ أَوْ أُنْثَى بَعْضُكُم مِّن بَعْضٍ)آل عمران:١٩٥، واتە: بە ڕاستی من هەوڵ و کۆشش و کارو کردەوەی هیچ کام لە ئێوە بە زایە نادەم، چ نێرینە و پیاوتان، چ مێینە و ئافرەتتان (چونکە) هاوکاری یەکتر بوون (لە چاکە و چاکەکاریدا).

ئەم ئایەتە بنەمایەکی گرنگ و گشتییە لەوەی ئایینی ئیسلام بە یەکسانی سەیری ئافرەت و پیاو دەکات، بەو پێیەی هەردووکیان دەبنە شەریکی ژیان و ئەرکی بەرپرسیارێتی خێزان و پەروەردەی منداڵ و خەرج و بەڕێوەبردنی ماڵ دەگرنە ئەستۆ، بە مانایەکی دی، ئیسلام فەرمانی کارکردنی بۆ ئافرەت فەرز نەکردووە، هەروەک قەدەغەشی نەکردووە، بەڵکو ئەمە پەیوەستە بە هەڵکەوتەو دۆخ و ڕەوشی گوزەران و کۆمەڵایەتی و کۆمەڵگەکان، تەنیا ئیسلام وەک تێدیتنی بەرژەوەندی و دیارکردنی زەمانەتی پارێزراوی سرووشت و کەسێتی ئافرەت چەند ڕێنمایی و ڕێکارێک لەهەمبەر پرسی کارکردنی ئافرەت دیاری دەکات، لەوانە:

یەکەم: دەبێت خودی کارو کارکردنەکە لە بنەڕەتدا حەڵاڵ و ڕێگەپێدراو بێت، نەک کارێک بێت گوناهباری و پێچەوانەی بنەمای شەریعەت بێت و، سەر بکێشێ بۆ زیان و کاردانەوەی نەرێنی بەسەر خودی ئافرەت لە ڕووی دینی و دونیایی.

دووەم: کارکردنەکە لەسەر حیسابی کارو ئەرکە

**ئافرەت وەک یەکێ لە جوانترین مەخلوقی خودا، وێڕای ئەوەی خاوەن پێگە و ڕێز و تایبەتمەندی و بەهایەکی زۆرە، لەهەمان کات هیچ جیاوازی و ناکۆکیەک سەبارەت بە کارکردنی ئافرەت و پیاو لە ڕوانگەی ئیسلامەوە نابینرێ**

**ئیسلام فەرمانی کارکردنی بۆ ئافرەت فەرز نەکردووە، هەروەک قەدەغەشی نەکردووە، بەڵکو ئەمە پەیوەستە بە هەڵکەوتەو دۆخ و ڕەوشی گوزەران و کۆمەڵایەتی و کۆمەڵگەکان**



## مەلا عەبدوڵا شێرکاوەیی

بەرپرسی ڕاگەیاندنی یەکێتیی زانایانی ئایینیی ئیسلامیی کوردستان

بۆ گوڵان نووسیویەتی

تایبەتی و سرووشتییەکانی ئافرەت نەبێت، وەک شیردانی منداڵ و مافی مێرد و ئەرکی خێزانی و وەرگرتنی ئیزن لای هاوسەری، چونکە لەمەدا زۆرجار زیانی کاردانەوەی کارکردنێک لەسەر ئەو حیسابەی ئاماژەمان پێ کرد، زیاترە لەو قازانجەی لە خودی کارەکە بەدەست دێت، ئەمەش ئاریشە و گرفتی زۆر لە بەردەم خێزانەکان دروست دەکات و، ڕەنگە بەپێی نەریتی کۆمەڵگەش دواجار زیاتر ئافرەت ببێتە قوربانیی دۆخەکە.

سێیەم: ئافرەت لە کارکردن لە خۆی و کەسێتی خۆی ئەمین بێت و بە شێواز و جلوبەرگێکی شەرعی و ڕێکەوە بێت، ئەمەش لە پێناو بەرژەوەندیی خودی ئافرەتەکەیە، چونکە بەداخەوە زۆرجار ئافرەت ئیستیغلال دەکرێ و، وەک نمایش بۆ گەرمکردنی بازاڕ و بەکارهێنانی وەک کاڵایەک بۆ دەستکەوتی ماددی و قازانجە، بەوەش ئەو پەڕی سووکایەتی بە ئافرەت دەکرێت.

چوارەم: کارەکە گونجاو بێت لەگەڵ سرووشتی ئافرەت، چونکە هەندێ کار هەیە ڕەنگە نەگونجێ ئافرەت بیکات، بە نموونە ڕەنگە قورس بێت، ئافرەت کرێکاری بکات، چونکە ئەو کارە زیاتر پیاوان پێی هەڵدەستن، لەبەر ئەوەی توانای جەستەیی ئافرەت و پیاو جیاوازییان هەیە و ڕەنگە هەندێ کارکردن ببێتە هۆی زیانی گەورە لەسەر ئافرەت، ئەگەر سەیری سەردەمی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) بکەین، دەبینین عائیشەی خێزانی لەگەڵ ئەوەی زۆر کار هەبووە، بەڵام زیاتر سەرپەرشتیی پرۆسەی فێرکردن و خوێندنی کردووە. هەروەها خەدیجەی خێزانی بازرگان و خاوەن سەرمایەی خۆی بووە، سەدان و هەزاران ئافرەتی دیکە، کە بە دەست و قام و خزمەت و کارو هەنگاوەکانیان، ناو و نێوبانگیان لە شارستانیەتی جیهانی ئیسلامی و بگرە مێژووی گەلەکەشمان وەک ئەستێرەی درەوشاوە لەسەر لاپەڕەکانی مێژوو دەگەشێتەوە.

بۆیە ئیسلام ڕێگر نییە لە کارکردنی ئافرەت لە چوارچێوەی پارێزراوی مافە تایبەتی و گشتییەکان، بگرە ڕۆڵی ئافرەت لە بواری کارکردن لە سەردەمی سەرەتای ئیسلام تا ئێستاشی لەگەڵ بێت، دیار و بەرچاو بووە و، نموونەی دەیان ئافرەتی سەرکردە و کارزان و لێهاتوو و ڕۆشنبیر و خاوەن عەقڵ و حیکمەت هەیە، کە لە ئەرک و کار و پەرێزیان، شکۆمەندی زۆریان تۆمار کردووە و، ناویان بە زیندوویی لەسەر لاپەڕەکانی مێژوو ماوەتەوە.

لەناو کۆمەڵگەی کوردیش ئافرەت لەو ڕووەوە و هێندە ئەو گرفتەی نەبووە، چونکە ئافرەتی کورد شان بە شانی پیاوان خزمەتێکی زۆریان کردووە و، هەمیشە لە ئەرکی ماڵ و دەرەوە و سەرخستنی بەڕێوەبردنی خێزان و کاری سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و ماڵداری و کشتوکاڵی جێدەستی دیار بووە، بەڵام هەمیشە ئەو هۆشیارییەش هەبووە، کە نابێ کارکردنەکە لەسەر حیسابی تێکچوونی شیرازەی خێزان و بێبەشبوونی منداڵ لە باوەشی دایک و باوک و لەدەستچوون و ئیستیغلالکردنی کەسایەتیی ئافرەت و بەکارهێنانی بێت، لە پێناو تێرکردنی حەز و قازانجی کەسانی نەفس نزمەوە.

بە کورتی ئاساییە ئافرەت کار بکات و ڕێگەشی پێ دراوە، بەڵام گرنگە بە شێوازێکی ئاسایی و لە چوارچێوەی گونجاوی و ڕەزامەندی و سەلامەتیی کەسێتی ئافرەت و شکۆمەندی و بەختەوەریی خێزان بێت.

**دەبێت خودی کارو کارکردنەکە لە بنەڕەتدا حەڵاڵ و ڕێگەپێدراو بێت، نەک کارێک بێت گوناهباری و پێچەوانەی بنەمای شەریعەت بێت و، سەر بکێشێ بۆ زیان و کاردانەوەی نەرێنی بەسەر خودی ئافرەت لە ڕووی دینی و دونیایی**

**زۆرجار ئافرەت ئیستیغلال دەکرێ و، وەک نمایش بۆ گەرمکردنی بازاڕ و بەکارهێنانی وەک کاڵایەک بۆ دەستکەوتی ماددی و قازانجە، بەوەش ئەو پەڕی سووکایەتی بە ئافرەت دەکرێت**

### پارێزەری ڕاوێژکار لانە ئامانج:

# ناپاکیی هاوسەری و لێک تێنەگەیشتن ڕێژەیەکی بەرز لە کەیسەکان پێکدێنن



**لانە ئامانج پارێزەری ڕاوێژکار و سەرۆکی ڕێکخراوی (لانەی ژنان)ـەو هاوکات پێشکەشکاری بەرنامەیەکی یاساییە لە تەلەفزیۆنی کەی تیڤی، لە دیمانەیەکیدا لەگەڵ گۆڤاری گوڵان باس لە جۆری ئەو کەیسانە دەکات کە لە دادگاکانی هەرێمی کوردستان بوونیان هەیە، هەروەها هێما بۆ ئەوە دەکات کە تا ئێستا زیاتر لە ٢٠٠ کەیسیان وەرگرتووە، زۆربەی ئەو کەیسانەش کێشەکانیان یەکلایی بووەتەوە، جەختیش لەوە دەکاتەوە ناپاکیی هاوسەری و لێك تێنەگەیشتن ڕێژەیەکی بەرز لە کەیسەکان پێکدێنن.**

**گوڵان: کۆمەڵایەتی**

*** یەکەم پرسیارمان با ئەوە بێت، ئامانجتان لە پێشکەشکردنی بەرنامەیەکی یاسایی چییە؟**

_ئامانجمان ئەوەیە کە ئەو کەیسانەی لە دادگان، بیخەینە بەر چاوی بینەران و ڕێوشوێنی گونجاو بۆ کێشەکان بدۆزینەوە.

*** ڕێکخراوی لانەی ژنان، چ پێناسەیەکی هەیە و تا ئێستا بە کردار چیتان کردووە؟**

- ڕێکخراوی لانەی ژنان، داکۆکیکارە لە مافی ئافرەتان و هۆشیارکردنەوەیان لە ئاشنابوون بە مافە سەرەتایی و شەرعییەکانی خۆیان، ئێمە هەوڵمان داوە، داکۆکی لەو ئافرەتانە بکەین، کە توندوتیژییان بەرامبەر کراوە، چ لەلایەن هاوسەر، یان خێزان،

یانیش لەلایەن کۆمەڵگەوە، لە ماوەی ئەو چەند ساڵەی کە ڕێکخراوی لانەی ژنان دامەزراوە، بەرهەمی کارەکانمان زۆر بووە، یەك لەوانە، پرۆژەیەکمان ئامادە کرد، بۆ ئەو خانمانەی کە لە ڕووی یاساییەوە کێشە و گرفتیان هەیە، ئەویش بە دابینکردنی پارێزەری خۆبەخش، تا ئێستا زیاتر لە ٢٠٠ کەیسمان وەرگرتووە، زۆربەی ئەو کەیسانەش کێشەکانیان یەکلایی بووەتەوە، بەشێکیان لە ڕێگەی دانیشتنەکانمان، توانیومانە بیانگەڕێنینەوە ناو ماڵ و حاڵی خۆیان و ئاشت بوونەتەوە، بەڵام بەداخەوە بەشێکیان لێك جیابوونەتەوە، چەندین کەیسیشمان لەژێر دەستدایە و کاری تێدا دەکەین. ئێمە سەرەتا هەموو هەوڵێك دەخەینە گەڕ بۆ ئەوەی هاوسەرەکان ئاشت ببنەوە، بە حوکمی ئەوەی لە دادگاوە نزیکم، ئەو کەیسانەی دێنە دادگا زۆربەی کێشەکان کێشەی خێزانییە، واتا توندوتیژی لەلایەن کەسە نزیکەکانی ئافرەتەکە دەکرێت، هەروەها ناپاکیی هاوسەری و لێك تێنەگەیشتن ڕێژەیەکی بەرز لە کەیسەکان پێك دەهێنێت، زۆربەی هۆکارەکانی زۆربوونی ناپاکیی هاوسەری و سکاڵاکردن لە دادگاکان بۆ خراپ بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا دەگەڕێتەوە، ئەوەش لەلایەن هەر دوو ڕەگەزەوە ڕوو دەدات و سەر دەکێشێت بۆ دروستبوونی کێشەی گەورەتر. بۆیە پێویستە لەسەر ژن و پیاو کە زیاتر لێبووردە بن و، گیانی یەکتر قبووڵکردنیان تێدا بێت و، هەوڵ بدەن لە ڕێگەی دانیشتن و گفتوگۆ کێشەکانیان چارەسەر بکەن، نەك پەنا بۆ توندوتیژی ببەن، لە دادگاکانیش کەیسەکانی هاوسەران بە دانیشتنێك و دوو دانیشتن بڕیاری لەسەر نادرێت، هەمیشە دادوەر کەیسەکان و دانیشتنەکان دوا دەخات، بۆ ئەوەی ئەو دوو هاوسەرە ئاشت ببنەوە و بڕۆنەوە لای یەکتر و بە ژیانی هاوبەش پابەند بن.

*** ڕێگەی چارەسەر چییە؟**

- بێگومان مامۆستایانی ئایینی دەورێکی باڵایان لە کەمکردنەوەی توندوتیژی بە هەموو جۆرەکانیەوە هەیە، واتە لە ڕێگەی مینبەری مزگەوتەوە دەتوانن هۆشیاری بدەنە چینی پیاوان بۆ ئەوەی لە توندوتیژی دوور بکەونەوە و زوڵم و ستەم لە هاوسەرەکانیان نەکەن، هەروەها کەیسی زۆرمان هەیە کە پیاوان دەچنە لای مامۆستایانی ئایینی، یان لیژنەی فەتوا و یەك لایەنە هاوسەرەکانی خۆیان تەڵاق دەدەن، هەرچەندە لە شەریعەتی ئیسلام ڕێگە بە پیاو دراوە هاوسەرەکەی تەڵاق بدات، بەڵام پێویستە مامۆستایانی ئایینی لەو حاڵەتەدا هەوڵ بدەن، ژنەکەش ببینن و قسە لەگەڵ هەردوولادا بکەن، ئینجا بڕیار بدەن، هاوکات زۆربەی مامۆستایانی ئایینی کە مەسەلەکە دەگاتە تەڵاق ڕەوانەی دادگایان دەکەن.

*** پرسی مارەیی تا چەند لە کەیسەکاندا بەرجەستە بووە؟**

- بە داخەوە، بەشێك لە پیاوان زۆر خراپە بەرامبەر بە ژنەکانیان دەکەن، بەڵام خۆیان داوای جیابوونەوە ناکەن، بۆ ئەوەی مافی هاوسەریان نەدەن، کە مارەییە، واتە زیاتر خراپییان بەرانبەر دەکەن، تاکو ژنان ناچار بن، خۆیان داوای جیابوونەوە بکەن.

*** زۆربەی هۆکارەکانی جیابوونەوە چین؟**

- توندوتیژی هۆکاری سەرەکییە، بەڵام توندوتیژی هەر ئەوە نییە ژن لێی بدرێت و ئازار بدرێت، زۆر جار ئیهانەکردن، جنێو و قسەی ناشیرین هۆکارێکە بۆ جیابوونەوەی هاوسەران، ئێمە دوازدە خاڵمان هەیە لە شێوەکانی توندوتیژی کە بەرانبەر ژن دەکرێت، بەڵام لە کۆمەڵگەی ئێمە تەنیا لێدان و ئازاردان دەچێتە قاڵبی توندوتیژی.

*** هۆکارەکانی دیکە چین؟**

بەشێکی زۆر لە کەیسەکان بەهۆی خراپ بەکارهێنانی ئینتەرنێتەوە تۆمەتیان خراوەتە پاڵ، ئاشکرایە کە بەشێکی زۆری خێزانەکان لە ئێستادا بە دەست ئەو گرفتەوە دەناڵێنن، بەڵام بە ڕێژەیەکی بەرچاو ئافرەتان دوچاری ئەم کێشە دەبن، بۆ خودی خۆیان و هەندێ جار بۆ دەوروبەریان. کەیسمان هەیە کە کچە، یان ژنە و پەیوەندییەکی «ناشەرعی» لەگەڵ کەسێك بەستووە، داوای وێنەی لێ کردووە و، نامەگۆڕینەوە لە نێوانیان هەبووە، دواتر وەك هەڕەشە ئەو نامەگۆڕینەوەی بەکارهێناوە بەرانبەر کچەکە، یان ژنەکە، بەوەش ناچاری کردووە، هەرچییەکی ویستبێ، ئەنجامی داوە، لە بەرانبەر ئەوەی ئەو وێنانەی پارێزراو بێت، بەوەش بێگومان کێشەکەی گەورەتر بووە. ئێستا زۆرێك لەو جۆرە کەیسانە لە داڵدەدانی ئافرەتانن، واتا بەشێك لەو ئافرەتانەی کە لە داڵدەدانی ئافرەتان سکاڵایان لە دژی توندوتیژی تۆمار کردووە، هۆکاری سەرەکییان تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بووە. بەڵام بەشێکی زۆریش لە ئافرەتان هەن، کە لەژێر هەڕەشەدان لە بەر ئەوەی ناتوانن لە ترسی ئەوەی ناویان نەزڕێندرێ لە بەرانبەر خێزانەکانیان تاکو کێشەکانیان گەورەتر نەبێت، بێدەنگییان هەڵبژاردووە.

**ئامانجمان ئەوەیە کە ئەو کەیسانەی لە دادگان، بیخەینە بەر چاوی بینەران و ڕێوشوێنی گونجاو بۆ کێشەکان بدۆزینەوە**

**هەوڵمان داوە، داکۆکی لەو ئافرەتانە بکەین، کە توندوتیژیان بەرامبەر کراوە، چ لەلایەن هاوسەر، یان خێزان، یانیش لەلایەن کۆمەڵگەوە**

**زۆربەی هۆکارەکانی زۆربوونی ناپاکیی هاوسەری و سکاڵاکردن لە دادگاکان بۆ خراپ بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا دەگەڕێتەوە**

**پێویستە لەسەر ژن و پیاو کە زیاتر لێبووردە بن و، گیانی یەکتر قبووڵکردنیان تێدا بێت و، هەوڵ بدەن لە ڕێگەی دانیشتن و گفتوگۆ کێشەکانیان چارەسەر بکەن**

**ئێمە دوازدە خاڵمان هەیە لە شێوەکانی توندوتیژی کە بەرانبەر ژن دەکرێت، بەڵام لە کۆمەڵگەی ئێمە تەنیا لێدان و ئازاردان دەچێتە قاڵبی توندوتیژی**

# مۆدێلی پەروەردەی «دوو زمانەی هاوکات (دوئل ئیمرژن)» وەکو پردی داهاتووی نێوان بنەماڵە و ئاکادیمیای نوێ

لەم بابەتەدا بە هیوام باسی پرسێکی گرینگ بکەم کە پێویستە لە هەرێمی کوردستانیش لە لایەن کەسایەتییە شارەزاکان و سیستەمی پەروەردەوە بایەخی پێ بدرێت و، کۆمەڵگەش ئامادەی وەرگرتنی ئەو سیستەمە بێت.

دیارە سیستەمەکە سیستمێکی فێرگە و پەروەردەییە بە ناوی "دوئل ئیمرژن"، کە من ناوی "سیستەمی پەروەردەی دوو زمانەی هاوکات"م بۆ وەرگێڕانی هەڵبژاردووە، واتە لە قوتابخانەکان هاوکات دوو زمان فێری منداڵان دەکەن، هیچکام لەو دوو زمانەش بایەخی زیاتری پێ نادرێت و، هەموو وانەکانیش بەو دوو زمانە دەخوێندرێن. ئەمەش جیایە لەو خوێندنگەیانەی کە تەنیا وانەیەك بە زمانێکی دیکە دەخوێندرێت. لە ئەمریکا زیاتر لە 150 هەزار قوتابخانەی لەم جۆرە بۆ خوێندنی سەرەتایی دامەزراون.

پاش لێکۆڵینەوەیێکی درێژخایەن لە لایەن فێرگەناس و کۆمەڵناسان و شارەزایانی پەروەردەیی لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە چەند ساڵی ڕابردوودا بۆیان دەرکەوتووە ئەو سیستەمە چەندە گرینگ و سەرکەوتووە. ئەوان بەو واقیعە گەیشتن کە وێڕای ئەوەی فێربوونی زمانی فەرمیی وڵات پێویستیی هەر هاووڵاتی و شارەمەندێکە، پێویستە هەر منداڵێك دەرفەتی ئەوەی پێ بدرێت، کە دوو زمان (زمانی نەتەوەیی خۆی و زمانێکی بیانی) بە تەواوی فێر بێت.

باشترین خاڵی (سیستەمی پەروەردەی دوو زمانەی هاوکات) کە دەکرێت پەنجەی لەسەر دابنێین، ئەوەیە کە کاریگەریی ئەرێنی لە سەر ڕەوان و تەندروستیی مێشك و لەبیرمانەوەی باسەکان لە مێشکی قوتابییدا دەبێت. هەروەها ئەم سیستەمی خوێندنە لە بواری پێوەندیی کۆمەڵایەتی لەگەڵ خەڵکدا زۆر کاریگەرە و دەرفەتی باشتر بۆ سەرکەوتنی منداڵان لە داهاتوویاندا دەڕەخسێنێت.

بە یارمەتیی تیمێکی لێکۆڵەر لە ڕامیاری و سیاسەترێژی پەروەردە و شارەزا و پسپۆڕان لەلایەن یەکێك لە زانکۆکانی ولایەتی کالیفۆرنیا، لە ئەمریکا بۆ ماوەی دوو ساڵ لە سەر ئە م پڕۆگرامە لێکۆڵینەوەمان کرد.

بە داخەوە منداڵانی کورد جگە لە باشووری کوردستان لە بەشەکانی دیکەی کوردستانی داگیرکراو، تەنانەت لە فێربوونی زمانی نەتەوەیی خۆیان بێبەش کراون، ئەو دەرفەتە بۆ ئەوان تەنیا خەونێکە و هێشتا ڕێگرییەکانی زۆرن، ئەوەتا مامۆستای خۆبەخش کە زمانی کوردییان فێری منداڵەکان دەکرد، لە لایەن دەسەڵاتەوە زیندانی کراون. نموونەیان زارا محەمەدی، مامۆستا و چالاکی مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە کە تەنیا بە هۆی وتنەوەی زمان و ئەدەبی کوردی چەند جار دەستبەسەر کراوە. لە باکوور و ڕۆژئاوای کوردستانیش بە هەمان شێوە کۆسپەکانی بەردەم زمانی کوردی زۆرن، بەڵام بە خۆشییەوە لە باشووری کوردستان ئەو دەرفەتە هەیە و هیچ ڕێگرییەك نییە. ئەگەر خوێندەوار و فێرخوازان هەموو وانەکانیان هاوکات بە دوو زمان بخوێنن، پاش چەند ساڵ خۆیان دەتوانن ببنە بنەماییێك بۆ منداڵانی دیکە و هەروەها بۆ قوتابیانی هەندەران و دەرەوەی وڵات.

خوێندن و فێربوونی دوو زمان، مێشکی منداڵ بەهێز دەکات. بەڵام ئەگەر زمانی دایکی لە ناو خێزان و سیستمی پەروەردە کەڵکی لێ وەرنەگیرێت - بەتایبەت لە هەندەران — پاش دوو نەوە لە ناو دەچێت و ناسنامەی بنەماڵەیی دە گۆڕێت. زۆر لە زمانەکان هەر بەو هۆیەوە لە ناو چوون.

شایانی باسە بزانن لە کۆی ٧٠٠٠ زمانی ناسراو لە دونیادا نزیکەی ٥٠٪یان مەترسیی نەمان و لەناوچوونیان هەیە. ئەمە زۆر جێگەی داخە و ئێمەش نامانەوێت یەکێك لەوانە بین.

لە لایەکی دیکەوە من لەسەر ئەو بڕوایەم کە

**باشترین خاڵی (سیستەمی پەروەردەی دوو زمانەی هاوکات) کە دەکرێت پەنجەی لەسەر دابنێین، ئەوەیە کە کاریگەریی ئەرێنی لە سەر ڕەوان و تەندروستیی مێشک و لەبیرمانەوەی باسەکان لە مێشکی قوتابیدا دەبێت**

**کوردستان ئەو دەرفەتە هەیە و هیچ ڕێگرییەک نییە. ئەگەر خوێندەوار و فێرخوازان هەموو وانەکانیان هاوکات بە دوو زمان بخوێنن**



د. سورەیا فەلاح

بۆ گۆڵان نووسیویەتی

سیستەمی پەروەردەی دوو زمانەی هاوکات (دوئل ئیمرژن) دەتوانێت لە بواری ئابوورییشەوە گەشە بە کوردستان بدات.

ئێمە لە کارێکی مەیدانیدا سەردانی ئەو خوێندنگە و قوتابخانەیانەمان کرد، کە سیستەمی دوو زمانی هاوکات پەیڕەو دەکەن. لە نزیکەوە لەگەڵ مامۆستایان و قوتابی و بنەماڵەیان و سەرۆکی خوێندنگاکان وتووێژی تایبەتمان کرد و هەموویانمان تۆمار کرد. لەو لێکۆڵینەوە درێژخایەنەدا بە چەند دەرئەنجام گەیشتین:

٩٠٪ی بنەماڵەکان لەسەر ئە و بڕوایە بوون کە بەم سیستەمی خوێندنە لە نەوەی نوێ نزیك بوونەتەوە، واتە فێربوونی زمانی دایکی دوو جیل و تەنانەت سێ نەوەی پێکەوە نزیك کردووەتەوە. چونکە زۆر لە بنەماڵە لاتینەکان کە بە زمانی ئیسپانی قسە دەکەن و کۆچەر و پەنابەرن بریتین لە دایك و باوك، باپیر و داپیر و منداڵەکان، ئەمە بوو بە سێ نەوە. زۆر لە کۆچەرانی دیکەی دانیشتووی ئەمریکا وەك کورد و عەرەب و فارس و.. هتد.

بەڕێوەبەر و بەرپرسی خوێندنگەکان ڕایان وا بوو، سیستەمی فێرگە زۆر جار وەك دیوارێکە لە نێوان بنەماڵە و شوێنی خوێندنی منداڵەکانیان، بەڵام پێوەندیی نێوان ئەم دوو ئەنستیتۆ بنەڕەتییە زۆر گرینگە و بە هۆی ئەم پەروەردە جیاوازەوە بەشداریی بنەماڵەکان لە کارەکان و پێویستییەکانیان زیاتر بووە.

منداڵەکان زۆربەیان لە سەر ئەو بڕوایە بوون کە لە داهاتوودا دەرفەتی خزمەت و کاریان لە وڵاتەکان و زانکۆکان، یان لە بواری بازاڕ و بزنێس و بازرگانی زیاتر دەبێت و دەتوانن ئابوورییان بەهێز بکەن.

ئەم جۆرە پەروەردە تایبەتەش وەك هەموو سیستمێك گیر و گرفتی تێدا دروست دە بێت، لەوانە: تێچووی ماددی و دارایی زۆر گرانە و پارەی زۆری دەوێت، بۆیە بە گوێرەی تەرخانکردنی بودجە و یارمەتیی کۆمەڵگە لەوانەیە قوتابخانەیەکی لەو جۆرە دابمەزرێت، یان بە پێچەوانەوە دابخرێت. هەروەها ئەم جۆرە پەروەردەیە کاتی زیاتری پێویستە و منداڵەکان ماوەیەکی زیاتر لە قوتابخانە دەبن و، لە وانەیە ماندوو ببن. بەڵام مامۆستاکان بڕوایان وا بوو، مێشکی منداڵ بەهێزە و توانایی زۆرە بۆ فێربوون، بەتایبەتی کە گیرۆدەی کارکردن نین بۆ دەهات و بژێوییان دایك و باوکان دابینی دەکەن. هەروەها زۆربەیان کاتی باشیان بۆ یاریکردنی منداڵەکانیان تەرخان کردووە، کە هەست بە ماندوویەتی خوێندنەکەیان نەکەن.

منداڵەکان زۆربەیان لە سەر ئەو بڕوایە بوون کە لە داهاتوودا دەرفەتی خزمەت و کاریان لە وڵاتەکان و زانکۆکان، یان لە بواری بازاڕ و بزنێس و بازرگانی زیاتر دەبێت و دەتوانن ئابوورییان بەهێز بکەن

لە کۆتاییدا پێویستە بگوترێ:

ئامانجی سەرەکیی ئەم سیستەمە، دروستکردن و وەبەرهێنانی نەوەیەکی شارەزاترە، کە بە زانستی ڕۆژ ئاشنا بن. ئەمە داهاتوویێکی باشتر بۆ منداڵەکانمان لە کوردستان دەستەبەر دەکات، بە جۆرێك کە بتوانن لە دڵ و مێشکی جیهاندا کاریگەر بن.

ڕێزدار نیلسۆن ماندیلا دەڵێت: "ئەگەر لەگەڵ مرۆڤێك بە زمانێك کە تێدەگات، قسە بکەیت، دەچێتە مێشکی، بەڵام ئەگەر بە زمانی خۆی قسەی لەگەڵ بکەیت، دەچێتە ناو دڵی."

منیش دەڵێم: ئەگەر لەگەڵ مرۆڤێك قسە بکەیت، بە زمانێك کە شارەزا و ئاکادیمیك بێت، هەم دەچێتە ناو مێشکی و هەم ناودڵی...

ئامانجی سەرەکیی ئەم سیستەمە، دروستکردن و وەبەرهێنانی نەوەیەکی شارەزاترە، کە بە زانستی ڕۆژ ئاشنا بن

**سەرچاوەکان:**

وتووێژ لەگەڵ بنەماڵە و مامۆستاکان، سەردانی قوتابخانەکان، وتووێژی فەرمی لەگەڵ سەرۆکی قوتابخانەکان، تۆمارکردنی باسەکان لە گەڵ مامۆستاکان، خوێندنی دیکیۆمێنتی قوتابخانەکان، سایتی تۆڕی مافەکانی مروڤی کوردستان، سایتی کۆمەڵگەی زماناسانی ئەمریکا

ژۆڕناڵە زانستییەکان وەك لێکۆڵینەوەی:

Alanís، I.، & Rodríguez،Andersen، A. Baig، F.، Campbell، C. (2011). Creswell، J. W. Dearing، E.، Kreider، H.، Simpkins، S.، & Weiss، H. Drozdowicz، S.،Teaching and Leanring، 4(2)، 23-30. Giacchino-Baker، R.، & Piller، B.، Potowski، K. Young، C